نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە رێبەری نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا، پیرۆزبایی ئاراستەی ئایەتوڵڵا سەید موجتەبا عەلی خامنەیی کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک رێبەری بااڵی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لە پەیامەکەیدا، سەرکی هەرێم جەختی لەسەر خواستی نێگەتیڤی هەرێمی کوردستان کردەوە بۆ زیاتر پەرەپێدانی پەیوەندییە مێژوویی و دۆستانەی نێوان هەوڵێر و تاران.

سەشەممە 10ی ئادارى 2026، نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، نامەیکی پیرۆزبایی فەرمی ئاراستەی موجتەبا عەلی خامنەیی کرد، پاش ئەوەی ناوبراو وەک رێبەری بااڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران دیاری کرا.

سەرکی هەرێمی کوردستان هیوای سەرکەوتنی بە رێبەری نوێی ئێران لێم ئەرک و بەرپرسیارێتییە نوێیەدا خواست و پیرۆزبایی گەرمی خۆشی ئاراستەی گەلی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد.

سەبارەت بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانیش، نێچیرڤان بارزانی سەرنجی خستە سەر گرنگیی دراوسێیەتی و

پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و تاران و رایگەیاند، هەرەمی کوردستان وەک هەمیشە خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندیی مێژوویی و دۆستانەیەتییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سەرکی هەرەم ئاماژەی بۆ داوە کە بەرەوپێشبردنی ئەو پەیوەندییانە ئامانج لێی خزمەتکردنە بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو گەل، هەروەها رێی دەبێت لە بەهێزکردن و پاراستنی پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە تەواوی ناوچەکەدا.